## چۆن مەترسیەکان لەسەر پێشمەرگە کەم بکەینەوە ؟



جەلال چوارتایی

خوێنەری هێژا ؛ ئەگەرچی ئەم بابەتە تایبەت نییە بە پارتی کرێکارانی کوردستان(پ‌ک‌ک) و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک) ، بەڵام بەهۆی دژواری و سەختی ئەو خەباتە هەمەلایەنەیەی کە ئەو دوو پارتە شۆڕشگێڕە زۆر بەسەرکەوتوویی بەڕێوەیان بردووە و ڕێگەی دووری ئازادی و سەرفرازیان تەوا کورتکردۆتەوە ئەوا ناکرێت کە باسی ئەو دوو پارتە نەخرێتە ئەم بابەتەوە بۆ سوود وەرگرتنی تەواوی پارت و ڕێکخراوە کوردیەکانی دیکەش لە ئەزموونی سەرکەوتوانەی ئەم دوو پارتە بۆ کەمکردنەوەی دەریای خوێنی لاوەکانمان کە دەبنە نێچیری بەردەم دڕندەیەکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران .
هەموومان گوێبیستی گیان لەدەستدانی پۆلێک پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی بووین لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کە ئەم گیان لەدەستدانەش هەموومانی خەمبار کرد و دوژمنیش وەکو سەرکەوتنێک بەسەر "دژە شۆڕشدا" پێناسەی کرد .
خۆ ئەگەر گیان لەدەستدانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە کردەوەی دڕندانەی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بووبێت ، ئەوا هۆکاری سەرەکی لە داونانی ئەو پێشمەرگانە خودی بەرپرسەکانیانن و هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە :-

### 1- خۆ ئۆردوگانشینکردن و چوونە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی و پارتی‌یەوە .

لە هیچ کوردێک شاراوە نییە کە دەستتێکەڵاویەکانی یەکێتی و پارتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا گەیشتۆتە ئاستێک کە خودی بەرپرسانی یەکێتی و پارتیش نەتوانن نکوڵی لێبکەن و هەمیشە کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بە دۆستی ڕۆژانی تەنگانە و پشتوپەنای کوردانیان پێناسە کردووە ، ئەمە جگەلەوەی کە دڕندەیەکی وەکو خومەینی بە "حەزرەتی ئیمامی زەمان" و خامنەیش بە ڕێبەری خۆیان و کوردکوژانی وەکو ڕەفسەنجانی و ئەحمەدی نەژادیش وەکو "نیعمەتی خودا بۆ کوردان" ناوبهێنن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە دوژمنی هاوبەشی خۆیان و کۆماری ئیسلامی بزانن .
تەنانەت گرێدراویەکانی یەکێتی و پارتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە هیچ کاتێک فەرمانەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوایەتیمان نەگۆڕنەوە و ملکەچی هەر داخوازییەک بن ئەگەر بەسەریاندا بسەپێت .
لە چاوی سەرانی یەکێتی و پارتی‌یەوە [هەر ڕۆژهەڵاتییەک ئێرانی ڕەسەنن و لە هەموو ئێرانییەکیش ئێرانیترن و ئەوەی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بێت ئەوا لە ووشەی خیانەت زیاتر هیچ شتێکی دیکەی بە شایستە نازانن] .
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕەکانی 298 و 383 لە پەڕتووکی شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق ، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە ؟

کاتێک ئەمە هەڵوێستی سەرانی یەکێتی و پارتی بێت ئیتر چۆن هەموو زانیارییەکیش لەسەر ئەو کەسانە نادەنە کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە زاڵگەکانی یەکێتی و پارتییەوە دەپەڕنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ تەنانەت من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە بەر لەوەی ئەو پێشمەرگانە جوڵە بکەن لە کۆیە و

زڕگوێزەوە ئەوا هەرچی بەرپرسەکانیانە هەموو پرس و ڕایەکیان بە سەرانی یەکێتی و پارتی کردووە و هەموو زانیارییەکی ووردیشیان داوەتە دەسەڵاتدارانی باشوور .
تەنانەت گرێدراوی بەرپرسەکانی ئەو لایەنانە گەیشتۆتە ئاستێک کە بەبێ پرسکردن بە سەرانی یەکێتی و پارتی نەتوانن هیچ بڕیارێکیش بدەن و هەموو داواکاریەکانیشیان ببەنە لای سەرانی یەکێتی و پارتی .
بۆ سەلماندنی ئەم گوتەیەش من تەنها دوو نموونەی بچووک دەهێنمەوە لەسەر بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە :-
آ – پاش تیرۆرکردنی بەڕێز سادقی شەرەفکەندی و به سکرتێری گشتی بوونی مامۆستا حەسەنزادە ، ڕێکەوتنێکی نهێنی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و مامۆستا عەبدوەڵڵای حەسەنزادەدا ئەنجام دەدرێت بە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی . بەڵام پاش ماوەیەکی دوور و درێژ نکۆڵیکردن لەم ڕێککەوتنە نهێنیە ڕاستیەکان ئاشکرا دەبن و مامۆستاش دەڵێت "ڕێکەوتنی ئێمە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ئەنجام دراوە " .
گەلۆ ؛ ئایا دەبێت خودموختاریەکەی حیزبی دیموکرات لەلای یەکێتی نیشتمانی و خودی جەلال تاڵەبانی بێت ، وا ڕێکەوتنی حیزبی دیموکرات لەگەڵ یەکێتیدا ئەنجام دەدرێت ؟ یاخود دەبێت سەرانی یەکێتی نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن و کۆماری ئیسلامیش ئەم ئەرکەیان بە یەکێتی و خودی تاڵەبانی ڕاسپاردبێت ؟ خۆ ئەگەر شتێکی لەو جۆرە نییە ! ئەی دەبێت چ باسێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان پەیوەندی بە هێزێکی ناوچەگەری وەکو ینک و خودی تاڵەبانی‌یەوە هەبێت تاوەکو ڕێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت ؟ لە کاتێکدا ئەو گوتانەی تاڵەبانی لە گوێچکەی هەموو کوردێکدا دەزرنگێتەوە کە دەیگووت {ئەگەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان ماسییەک بێت ئەوا کۆماری ئیسلامی ئێران دەریاکەیەتی و بەبێ بوونی ئەم دەریایەش ئێمە ناتوانین تەنها ڕۆژێک بژین ، لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران 3 جار لە نەبوونەوە ئێمە(واتە ی‌ن‌ک)ی دروستکردۆتەوە}. لەبەرئەوە هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ یەکێتی و خودی تاڵەبانی‌دا جگە لە خۆبەدەستەوەدان و قبوڵکردنی هەموو مەرجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر ئەوا هیچ شتێکی دیکە نییە و مەرجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کوشتنی ئیرادەی نەتەوایەتیمانە و کوشتنی ئیرادەی نەتەوایەتیش لە خۆخستنە ژێر باڵی سەرانی باشوور و بەتایبەتی خودی جەلال تاڵەبانییەوە مەیسەر دەبێت .
ب- ساڵی ڕابردوو هەیئەتێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە سەردانی بڕیارگەی پژاک دەکەن لە قەندیل و لەگەڵ بەرپرسانی پژاک کۆدەبنەوە . بەڕێز حەسەنزادە لەو کۆبوونەوەیەدا داوای هاوکاری دەکات لە پژاک دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ، بەرپرسانی پژاکیش زۆر بە گەرمی بەدەنگ بانگەوازیەکەی مامۆستاوە دەچن و دەڵێن :- ئێمە ئامادەین هەم بە چەک و هەم بە خۆراک و هەم بە هێزی نیزامیش هاریکارتان بین و تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەشدا دەتوانن بنکەکانی پژاک وەکو بنکەی خۆتان بەکار بهێنن و بریندارەکانیشتان لە نەخۆشخانەکانی پژاک چارەسەر بکەن .
بەڵام کاتێک بەڕێز مەلا عەبدووڵا ئەم وەڵامە وەردەگرێتەوە ، ئەوسا دەڵێت :- دە کە وای لێهات ئەوا ئێمەش دەچین پرس بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین .
بە سەرنجدانە ئەم گوتەیەی بەڕێز مەلا عەبدوڵڵا بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەجۆرێک کۆنترۆڵی حیزبی دیموکرات و سەرانی ئەو حیزبەیان کردووە کە نەتوانن بەبێ پرسی سەرانی یەکێتی هیچ هەنگاوێک هەڵنێن و هەموو داواکاریەکانی یەکێتیش جێبەجێ بکەن ، بێگومان داواکاریەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش ڕازیکردن و بە ئەنجام گەیاندنی مەرجەکانی داگیرکەرانە.

## هۆكاری لە داونانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی :-

1- خۆ ئۆردوگانشینكردن و چوونە ژێر كۆنترۆڵی یەكێتی و پارتی‌یەوە .(لە بەشی یەكەمدا بەدرێژی باسیكراوە) .

بەشی دووەم :-
2- دابڕان و دووركەوتنەوەی ئەو پارتانە لە خاك و جەماوەری ڕۆژهەڵاتی كوردستان بۆ نزیكەی 20 ساڵ .
دووركەوتنەوەی ئەم پارتانە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان هۆكارێک بووە بۆ تەواو كۆنترۆڵكردنی ڕۆژهەڵات لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێران و بە بەسیج و بەكرێگیراوكردنی ژمارەیەكی زۆر لەو كەسانەی كە یان ئاستی هوشیارییان تەواو لاوازە یاخود لە دیموكرات و كۆمەڵە تۆراون و بوونەتە داردەستی كۆماری ئیسلامی ئێران ، ئەمە جگە لەوەی  كە خۆدانە دەست چارەنووس و خۆبادانی دیموكراتەكان و كۆمەڵەكان بە ئەمریكاوە بۆتە هۆی درووستبوونی بێ باوەڕی جەماوەریش بەم پارتانە . ئەم دابڕانانەش بۆتە هۆی ئەوەی  بەشێوەیەكی گشتی ئەم پارتانە هیچ جۆرە شارەزاییەكیان نەمێنێت لە ناسینی جیۆپۆلەتیكی ناوچەكەدا .
یەكێک لەو  هۆكارانەی كە بۆتە هۆی ئەوەی كە پژاک بتوانێت پێشكەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت و بشتوانێت لە بەرگری ڕەوادا ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە و سەركەوتنیش بەدەست بهێنێت بریتی‌یە لە تێكەڵاوبوونی ڕۆژانەیان بە جەماوەر و دانەبڕانیان لە كۆمەڵگا و باش ناسینی جیۆپۆلەتیكی ناوچەكان .
چونكە بەر لە دروستبوونی پژاک هیچ هۆكارێک نەبوو بۆ كۆماری ئیسلامی ئێران كە هەوڵی قەڵاچۆكردنی پ‌ک‌ک بدات ، ستراتیژیەتی پەكەكەش ڕێگەی بەوە نەدەدا كە هیچ پارچەیەكی كوردستان فەرامۆش بكرێت بۆ دوژمن و كوردان پشتگوێ بخرێت ، لەبەرئەوەی یەكێک لە دروشمە سەرەكیەكانی پ‌ک‌ک ئەوەیە كە دەڵێت [لە هەر جێگایەک ئەگەر كوردی لێبێت ئەوا ئێمەشی لێدەبین] . ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی كە پ‌ک‌ک بتوانێت سنووری دەستكرد بشكێنێت و خۆی بكات بە هەموو ماڵێكی ڕۆژهەڵاتدا و كادرانێكی هێجگار لە خۆبردوو و دڵسۆزیان تێدا بەرهەم بهێنێت و ئەم كادرانەش ببنە داینەمۆیەک هەم بۆ هوشیاركردنەوەی جەماوەری و هەم بۆ چەكەرەكردنی پارتێكی شۆڕشگێڕ و لە مەیداندابووی وەكو پژاک .
كاتێک هێزێكیش لە مەیداندا بوو ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەم خاڵە لاوازەكان و هەم خاڵە بەهێزەكان(چ هی دوژمن و چ هی گەل) دەستنیشان بكات ، ئەم ناسینەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەم خۆت بپارێزیت و هەم لە بەرگری ڕەواشدا سەركەوتن بەدەست بهێنیت .

3- دەستتێوەردان و كۆنترۆڵكردنی ئەم پارتانە لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ڕێگەی یەكێتی و پارتی‌یەوە .
بەهۆی تیرۆركردنی بەشێكی بەرچاو لە كادرە پێشەنگەكانی ئەم پارتانە بە دەستی كاربەدەستانی یەكێتی و پارتی لە ژێرفەرمانەكانی كۆماری ئیسلامی ئێراندا بوارێكی هێجگار بەرفرەوان كرایەوە بۆ بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی و كەسانی هەلپەرست كە شوێنی كەسە تیرۆركراوەكان بگرنەوە و ئەم كەسە بەكرێگیراوانەش هەموو زانیارییەک بدەنە كۆماری ئیسلامی ئێران لە هەر جموجوڵێكی چاوەڕوانكراو . تەنانەت كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خۆشیان ئەم دەستتێوەردانانە ناشارنەوە و بەرپرسی سوپای پاسدارانی سەڵماس دەڵێت "زانیاریمان لەسەر ئەو خواردنانەش هەیە كە لەكاتی ژەمەكاندا لە ئۆردوگاكانی كۆیە و زڕگوێز دەخورێن" ، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم محەمەد جەعفەری سەحرارودیش لە یەكێک لە گوتەكانیدا گوتبووی "هێندەی لە كەمپەكانی كۆیە و زڕگوێزەوە توانیومانە كۆنترۆڵی جموجوڵی كوردان بكەین ئەوا هیچ كاتێک نەمانتوانیووە لە تاران و تەنانەت هیچ

جێگەیەکی دیکەی ناوخۆی ئێرانەوە بەو ڕادەیە کۆنترۆڵی کوردان بکەین" . ئەمە جگە لەوەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ددانیان بەوەدا ناوە کە لە کارەساتی دڵتەزێنی میکۆنوسدا زیاتر لە یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پەیوەندی بە کۆماری ئیسلامییەوە هەبووە ، لە کاتێکدا کە بەشداربووانی حیزبی دیموکرات لە میکۆنووسدا هێندەی پەنجەکانی تەنها دەستێک دەبوون .
بێگومان کەسانی هەلپەرست و بەکرێگیراو ڕوودەکەنە نێو هەموو پارتە کوردیەکان ئیتر ئەو پارتە کوردیانە چ پڕاک بێت و چ دیموکرات و کۆمەڵە ، بەڵام کەسە بەکرێگیراوەکان هێندەی لە ئۆردوگاکاندا دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن ئەوا هیچ کاتێک ناتوانن لە مەیداندا بەو ئامانجە بگەن ، چونکە لە ئۆردوگاکاندا هەم کارەکانیان ئاسانتر دەبێت و هەم زیاتریش خۆیان دەبەنە پێشەوە و هەم ژیانیشیان پارێزراو دەبێت ، کورد گوتەنی بەکرێگیراوان وەکو کەری نێو جۆگەیان لێدێت و لە هەردووبەر دەخۆن . بەڵام ئەم کەسە بەکرێگیراوانە کاتێک ڕوو دەکەنە نێو ڕیزەکانی پڕاک ئەوا ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن لەبەرئەوەی پڕاک بە هەمان فەلسەفەی ئاپۆچێتی پەروەردە کراوە و بەرلەوەی کادرەکانیان ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە دەیاننێرنە پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ خەباتکردن و خەباتی پارچەیەکی دیکەش کەسانی هێجگار شۆڕشگێڕی دەوێت و کەسانی بەکرێگیراو ناتوانن بەو ئامانجە بگەن کە مەبەستیانە (ئەمە دەربارەی بەکرێگیراوەکان) ، بەڵام کەسانی هەلپەرست مەرج نییە بەکرێگیراوی داگیرکەر بن ، بەڵکو کەسانێکن کە دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کەوتوون و هەموو ئامانج و بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتیش دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کە باشترین نموونەش بریتییە لە عوسمان ئۆجەلان .
لە هەموومان ئاشکرایە کە عوسمان گەیشتە بەرزترین ئاستی بەرپرسیاریەتی لە نێو ڕیزەکانی پ‌ک‌ک‌دا بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی هەلپەرست بوو و دەیخواست شۆڕشگێڕترین هێز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات بە پارووی دەمی جەلال تاڵەبانی لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا کە ئەو بەرژەوەندییەش لە غەریزەی جنسی(ژنهێنان)دا کۆببوویەوە ، ئەوە بینیمان کە چارەنووسی عوسمانیش بەچی گەیشت لەبەرئەوەی خەباتی دژواری پ‌ک‌ک سەنگی مەحەکە بۆ ناسینی کەسە هەلپەرستەکان.
لە هەمان کاتدا کادرانی لایەنە ئۆردوگانشینەکان ڕۆژانە لە پەیوەندی تەلەفۆنیدان لەگەڵ کەسوکار و ناسیاوەکانیاندا و لە هەموو ووردەکارییەک ئاگاداریان دەکەنەوە بەبێ ئەوەی بەوە بزانن کە دوژمن زۆر بە ئاسانی دەتوانێت تەلەفۆنەکان کۆنترۆڵ بکات یاخود هەر لە ڕێگەی کەسوکارەکانیانەوە دەنگ و باسەکانیان بڵاودەبێتەوە و دوژمن ئاگاداری هەموو وردەکارییەکیان دەبێت ، هەولێری گوتەنی "قسە کەوتە زارێک دەکەوێتە شارێک" . بەڵام ئەم دیاردەیە خۆشبەختانە لە پڕاکدا نییە و ئەم هۆکارەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەم گیانی پڕاکیەکان پارێزراو بێت و هەم دوژمنیش ئاگاداری جموجوڵ و وردەکاریەکانیان نەبێت .

## هۆکاری لە داونانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی

1- خۆ ئۆردوگانشینکردن و چوونە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی و پارتیەوە .
2- دابڕان و دوورکەوتنەوەی ئەو پارتانە لە خاک و جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نزیکەی 20 ساڵ .
3- دەستتێوەردان و کۆنترۆڵکردنی ئەم پارتانە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ڕێگەی یەکێتی و پارتیەوە .
[لە بەشی یەکەم و دووەمدا باسی ئەم 3 خاڵەی سەرەوە کراوە] .

4- درێژەدانی هەمان شێوازی دواکەوتوانە لەو شەڕی چەکدارییەی کە لە ڕابردوودا پیادەیان کردبوو و نوشوستی گەورەشیان بەهۆیەوە بینیبوو .
لە هەموومان ئاشکرایە کە هەم چەکی دەستی دوژمن(کۆماری ئیسلامی ئێران) لەو چەکانە پێشکەوتووترە کە لە ڕابردوودا بەکاری دەهێنا و هەم ژمارەی بەکرێگیراوەکانیشی زۆر لە جاران زیاترە ، لە بەرامبەریشدا چەکی دەستی ئەو پارتانەش زۆر لەو چەکانە دواکەوتووترە کە لە ڕابردوودا بەکاریان دەهێنا بۆ خۆپاراستن و هەم ژمارەی پێشمەرگەکانیشیان بە ڕێژەیەکی هێجگار زۆر دابەزیوە ئەمە جگە لە پەرتەوازەیی و چەند بەشبوونیشیان .
لەبەرئەوە ئەم جۆرە شەڕانە بە شەڕی نابەرابەری بەناوبانگە و لە شەڕی نابەرابەریشدا نەک هەر هیچ دەستکەوتێک بەدەست نایەت بەڵکو ئەنجامەکەی دەبێتە سوتەمەنی و ئەم کارەساتە دڵتەزێنانەی لێدەکەوێتەوە . لەبەرئەوە دەکرێت لە شەڕی چەکداریدا خۆ لەو شەڕانە ببوێریت کە دوژمن تیایدا باڵادەستە ، لە هەمان کاتدا سوود لە خاڵە لاوازەکانی دوژمن وەربگیرێت لەو ناوچانەدا کە دەتوانیت سەرکەوتنی تێدا دەستەبەر بکەیت و کاریگەریش لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت .
لەم جۆرە شەڕانەدا تەنها پارتی ژیانی ئازادی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە ڕۆژهەڵاتدا ، چونکە کاتێک دوژمن بە هێزێکی زۆری پڕ لە چەکی پێشکەوتووەوە پەلاماری بنکەکانی پژاک دەدات لە قەندیل و بناری قەندیل ئەوا پژاک خۆی ناکاتە سووتەمەنی ئەو شەڕە نابەرابەرە و لە هەمان جێگەدا وەڵام ناداتەوە بەڵکو لە ناوچەکانی دیکەی دوور لە قەندیل سوود لە لاوازیەکانی دوژمن وەردەگرێت و بەرپەرچ دەداتەوە کە ئەم بەرپەرچدانەوەیەش هەم کاریگەری هێزە هێرشبەرەکانی دوژمن کەم دەکاتەوە و هەم وورەی دوژمنیش تەواو دەشکێنن .
ئەو شێوازی شەڕەی کە دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان لەسەری ڕاهاتوون هەر هەمان شێوازی شەڕەکانی سەدەی ڕابردووە کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون ، واتە ئەگەر لە ڕابردوودا سەرکەوتوو نەبووبیت لەشەڕێکدا کە ژمارەی پێشمەرگەکانت سەدان هێندەی ئێستا دەبوو و چەکی دەستیشیان لە چەکی ئێستایان زیاتر و پێشکەوتووتر بوو ، ئیتر چۆن ئێستا بە هەمان شێوازی شەڕکردن سەرکەوتوو دەبیت کە ژمارەی پێشمەرگە بەشداربووەکانی ئەو شەڕە لە پەنجەکانی تەنها یەک دەست دەرباز ناکات ؟
کاتێک کە دەخوازیت شەڕی چەکداری بەڕێوە ببەیت ئەوا دەبێت زەمینەی ئەو شەڕەش ساز بکەیت ، زەمینە سازکردنیش بە برەودانی شێوازەکانی دیکەی خەباتکردن دەبێت کە کاریگەرترینیان بە ڕێکخستنکردنی جەماوەر و هێنانە سەر شەقامەکانە لە کاتی تەنگانەدا ، چونکە ئەگەر تۆ توانیت لە کاتێکی وەهادا جەماوەر ڕابپەڕێنیت ئەوا بەو واتایە دێت کە تێکشکاندنت گۆڕی بە سەرکەوتن .
نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە خەباتکردنەش باکووری کوردستانە کە 2 ساڵ بەر لە ئێستا کاتێک تورکە دوژمنەکان بە چەکی کیمیاوی 14 گەریلا شەهید دەکەن ئەوا پەکەکە دەستەوەستان دانانیشێت و خۆی بە ماتەمینیەوە خەریک بکات بەڵکو دەستبەجێ خۆپیشاندانی جەماوەری لە هەموو شارەکاندا ساز دەکات ،

بەم خۆپیشاندانانەش هەم داگیرکەر و هەم هەموو جیهانیش سەرقاڵی ئەو ڕاپەڕینانە دەکات و گیان لە دەستدانی 14 گەریلاکە دەکاتە مەزنترین سەرکەوتنی جەماوەری .
بەڵام ئایا شەهیدکردنی ئەو 11 پێشمەرگەیەی لایەنە ئۆردوگانشینەکان جگە لە پاشەکشەیەکی زیاتری ئەو حیزبانە و هەندێک سەرەخۆشیکردنی نێو کەمپەکان زیاتر چ شتێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا ؟ لە هەمووشی سەرسوڕهێنەرتر ئەو گوتە گاڵتەجاڕیانەیەی بەرپرسەکانیانە کە دەڵێن ئەو پێشمەرگانە بۆ کاری ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی گەڕابوونەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان !!!!! بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە :-

ئایا هەر ئەو لایەنە ئۆردوگانشینانە نین کە دەڵێن ڕێکخستنەکانمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا زۆر بەهێز و کاریگەرن ؟ ئەی ئەم هێز و کاریگەرییەی ڕێکخستنەکانیان لە چ کاتێکدا بەکار دەهێنن و بۆ چ کاتێکتان داناوە ؟ ئەگەر ڕێکخستنەکانتان هێندە بەهێزە و ئەم هەموو دەزگای تەلەفزیۆنییەشتان هەیە ، بۆچی پۆلێک پێشمەرگەی پاک و بێگەرد دەخەنە داوی دڕندەیەکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ کاری ڕێکخستنی و ڕاگەیاندن ؟ بۆچی لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانتانەوە کاری ڕاگەیاندنی بەڕێوە نابەن ؟
ئەی هەر حیزبی دیموکرات نەبوو کە 3 ساڵ بەر لە ئێستا دەیگوت 80%ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتمان لەگەڵدایە و پێویست بە سازکردنی بەرەی کوردستانی ناکات ؟ ئەی نەدەبوو لانی کەم چارەکێکی ئەم 80%یە خۆپیشاندانی جەماوەرییان ساز بکردایە ؟
خۆ هەر چەند مانگێک بەر لە ئێستا بوو کە هەم حدک و هەم حدکا دەیانگوت مانگرتنی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یادی شەهید دکتۆر قاسملوو لەسەر بانگەوازی ئێمە بووە !! ئەی ئەگەر هێندە کاریگەریتان هەیە لە ڕۆژهەڵاتدا بۆچی لە کاتێکی وەکو ئیمڕۆدا هیچ کەسێک بە دەنگ هیچ بانگەوازییەکتانەوە نایەت ؟
گرفتی ئەم لایەنە ئۆردوگانشینانە هەر لەوەدا نییە کە لەسەر شێوازێکی سەرنەکەوتوانەی شەڕی چەکداری ڕاهاتوون بەڵکو گرفتاریەکە لەوەدایە هەم درێژەدەری ئەو شێوازە تێکشکاوەشن و هەم زەمینەی ئەم جۆرە شەڕەشیان ساز نەکردووە . ئەگەر دەخوازیت شەڕی چەکداری بکەیت ئەوا دەبێت بەر لە هەر شتێک خۆت لە ئۆردوگانشینی و ژێر کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرباز بکەیت و لانی کەم ئەگەر لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا توانای خۆپیشاندانی جەماوەریت نەبێت ئەوا خۆ دەبێت لە کارەساتێکی وەها دڵتەزێندا بتوانیت جۆش و خرۆشێک بە کوردانی هەندەران بدەیت و کەمێک لە ئازاری زامەکان کەم بکەیتەوە .
دواین پرسیاری من لەم بەشەدا ئەوەیە کە ڕووی قسەم بکەمە بەرپرسەکانیان و بڵێم ئایا پاش شەهید بوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە تەنها بە سەرەخۆشیکردنی کەمپەکان دڵتان سوکنایی دێت و تاوەکو ساڵێکی دیکە لە ئۆردوگاکاندا پاڵی لێدەدەنەوە یاخود ڕێگە چارەیەکی گونجاوتر هەڵدەبژێرن و کەمێک لە ئازارەکان کەم دەکەنەوە ؟

## خاڵێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی لە داونانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی بریتی‌یە لە:

5- نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ دواڕۆژی کوردستان لەلایەن ئەم پارتانەوە .
لەگەڵ ئەوەی تەمەنی دامەزراندنی بەشێک لە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگاتە 65 ساڵ و لەو ماوەیەشدا توشی دەیان نوشوستی و تێکشکاندن هاتوون ، کەچی هێشتا نە دەرسیان لە ڕابردوو وەرگرتووە و نە بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکراشیان هەیە بۆ دواڕۆژی کوردستان و دەربازبوون لەو قەیران و سەرگەردانییەی کە دووچاری نەتەوەکەمان هاتووە .

ئەو ڕێچکەیەی کە ئەم پارتانە گرتوویانەتە بەر هەر هەمان ئەقڵیەتە کە لە سەدەی ڕابردوودا پیادەیان کردووە و تیایدا سەرکەوتوو نەبوون ، ئەو ئەقڵیەتەش تەنها پەیوەست بووە بە شەڕی چەکداریەوە ، ئیتر بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمن هەموو شێوازەکانی خەبات پێویستە و شەڕی چەکداریش دەبێت بخرێتە خزمەتی ئەو شێوازانەوە ، کە هەندێک لەو شێوازانە بریتییە لە شەڕی ئایدۆلۆژی – شەڕی ئابووری – شەڕی فەرهەنگی – شەڕی دەروونی – شەڕی نێو ماڵی دوژمن لە ڕێگەی خرۆشاندن و تەقاندنی جەماوەر بە ڕووی دوژمندا – شەڕی دیپلۆماتی و ...هتد .
ئەو لایەنەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە لەم بوارەدا بریتی‌یە لە پارتی کرێکارانی کوردستان کە توانیویەتی هەموو شێوازەکانی خەباتکردن پێکەوە گرێبدات و خەباتی چەکداریش بخاتە خزمەتی ئەو شێوازانەوە و وەکو داینەمۆیەک میللەتی پێ بجوڵێنێت .
ئەگەر ئێمە سەرنجێک بدەینە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەوا دەبینین کە زیانی گیانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بەڕێبەرایەتی پ‌ک‌ک زیاتر بووە لەو زیانە گیانیانەی کە بە تورکە دوژمنەکان گەیشتووە(زیانەکانیش زیاتر بەهۆی کەم ئەزموونی ئەو کات و هەندێک دەستی تاوان بوو کە لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا خۆی مەڵاس دابوو) ، بەڵام ئەگەر ئەو زیانە گیانیانە بەراورد بکەین بەو دەستکەوتانەی کە لە ئەنجامی ئەو زیانە گیانیانەدا بەدەست هاتووە ئەوا دەتوانین بڵێین زیانی گیانی هێجگار کەم بووە . ئەم گوتەیەم ئەوە ناگەیەنێت کە لە بەهای خوێنی شەهیدەکانمان کەم بکەمەوە چونکە هەر دڵۆپە خوێنێکی ئەو شەهیدانە گەورەترین بەهای نەتەوایەتیمان بووە و شوێنی ئەو بەهایانەش وا بە ئاسانی پڕ ناکرێنەوە ، بەڵام ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتووە لە سایەی خوێنی ئەو شەهیدانەدا سەدان هێندە خوێنی دەویست ئەگەر شێوازی خەباتکردنەکە بە بەرنامە و دروستی بەڕێوە نەچوویایە .
چونکە بەو خوێنە زیاتر لە 25 ملیۆن کوردی مردوو زیندوو کرایەوە و کێشەی نەتەوایەتیمان هەموو کونجێکی جیهانی گرتەوە .
بە 25 ساڵ خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان‌دا تەنها 50 هەزار کەس هەم لە کورد و هەم لە دوژمن گیانیان لە دەستداوە و دەستکەوتەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و دواڕۆژێکی زۆر پرشنگداریش بەڕێوەیە . بەڵام 65 ساڵ تێکۆشانی چەکدارانەی ئەم لایەنە کلاسیکیانە و دەیانهەزار شەهید و بێ سەروشوێن بوو ئەنجامەکەی گەیشت بە ئۆردوگانشینی و چوونە ژێر ڕکێفی تاڵەبانی و بارزانییەوە و توورەکە هەڵبەستن بۆ کوردکوژانی وەکو کەڕوبی و موسەوی .
لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەبووە لەم پارتە کلاسیکیانەدا(هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژهەڵات)دا ئەوا هەمیشە بۆ مانەوەی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر داگیرکەرێکی دیکەی کوردستان تاوەکو بتوانن بەرامبەر بەو داگیرکەرە بوەستنەوە کە لەگەڵیدا بە شەڕ هاتوون و هاوسەنگی هێز ڕابگرن ، واتە پارسەنگی سەرکەوتن لەو خەباتەی کە پارتە کلاسیکیەکان بەڕێوەیان بردووە هەمیشە لە بەرژەوەندی دوژمندا بووە.
بەڵام ئەگەر سەرنجێک بدەینە باکووری کوردستان ئەوا ڕەوشەکە تەوا پێچەوانەیە لەبەرئەوەی بە 25 ساڵ خەباتی بەرنامە بۆداڕێژراو توانر هەم ئایدۆلۆژیای دوژمن مایە پوچ بکات و هەم کەمالیستەکان بە جۆرێک بێنێتە سەر چۆک کە دوژمن ناچاری ئەوە بکات پەنا بباتە بەر هەر وڵاتیک و سەر بکەن بە

ماڵی هەر لایەکدا تاوەکو بتوانن بەرامبەر بە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان بوەستنەوە ، واتە داگیرکەرێک جگە لەوەی کە خاوەنی چەکو جبەخانە و هێزێکی سەربازی زۆرە لە هەمان کاتدا لە پەیمانی ناتۆشدایە بەڵام لە لایەک پەنا دەباتە بەر ئێران و سوریا لە لایەکی دیکەوە هانا بۆ یەکێتی و پارتی و حکومەتەکەی مالکی دەبات و لە لایەکی دیکەشەوە داوای یارمەتیکردن لە ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی ئەورووپی تاوەکو بتوانن بەرامبەر بە ئازادیخوازانی نەتەوەکەمان بووەستنەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنن ، واتە پارسەنگی سەرکەوتن لەو خەباتەی کە پەکەکە بەڕێوەی بردووە لە باکووردا هەمیشە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەماندا بووە .
پاش 65 ساڵ تەمەن کەچی  هەموو بەرنامەی لایەنە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵات بۆتە ئەوەی کە فۆتۆکۆپی هەنگاوەکانی یەکێتی و پارتی بکەن و لە ژیانی ئۆردوگانشینیەوە باس لە میرات بەشکردنی دواڕۆژ بکەن لە ڕۆژهەڵاتدا ، واتە یەکێک خەو بە سەرۆککۆماری ئێرانی فیدراڵەوە دەبینێت و لایەنێکی دیکەش بە خەیاڵ حکومەتی هەرێمی دامەزراندووە . هەنگاوەکانی یەکێتی و پارتیش جگە لە فەشەل بوون و قوڵکردنەوەی زیاتری کێشەکان و کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و کوشتنی خۆشەویستی کۆمەڵگا بۆ کوردستان و میلیشیاسازی و تاڵانی زیاتر هیچ شتێکی دیکە نەبووە .
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئامانجەکانی حدکا لە فەسڵی دووهەم: (بنچینەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان)  پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەم لەم لینکەی خوارەوەدا :-

## هۆکاری لە داونانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی

6- نەبوونی هاودەنگی و یەکریزی لە نێوان لایەنە ڕۆژهەڵاتیەکاندا .
ئەگەر سەرنجێک بدەینە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوا زۆر بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە نەک هەر هیچ هاودەنگی و یەکریزییەک نییە لە نێوانیاندا بەڵکو هەتا خودی هاوسەنگەرانی ڕابردووی خۆشیان بۆ قبووڵ ناکرێت .
بەلای هەندێک لەم لایەنانەوە گرنگ نییە کە کۆماری ئیسلامی ئێران چ تاوان و مەرگەساتێک ئەنجام دەدات لە ڕۆژهەڵاتدا بەڵام زۆر گرنگە بەلایانەوە کە لایەنێکی شۆڕشگێری کوردی گەشە نەکات و بکەونە بوختان هەڵبەستن بۆی و ناشیرین نیشاندانی لە نێو کۆمەڵگادا ،  تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەندێک لەو لایەنانە سەنگەری داگیرکەرەکە نەگۆڕنەوە بە سەنگەری هاوخوێنەکەی خۆیان و لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە پەرۆشتربن بۆ گیان لە دەستدانی پاسدارێکی کوردکوژ ئەگەر بە دەستی ئازادیخوازانی نەتەوەکەمان لەنێو بچێت .
بۆ نموونە لە ڕابردوودا چەندین تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی پەژاک و کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتە ئاراوە ، کە کاریگەرترینیان گرتنی پایەگای خەراجیان بوو لە ناوچەی ڕەوانسەری سەر بە کرماشان ، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا سەرجەم 43 پاسدار و 5 گەریلای پژاک گیانیان لە دەست دا .
ئەم چالاکیە لە ناوچەیەکدا ئەنجام درا کە لە ڕابردوودا(سەردەمی بەهێزیی دیموکرات و کۆمەڵە) بە هیچ جۆرێک چالاکی لەو جۆرە لەو ناوچەیەدا ئەنجام نەدرابوو ، لەبەرئەوە چالاکییەکی لەو جۆرە نەک هەر کۆماری ئیسلامی ئێرانی سەرسام کرد بەڵکو ئەو لایەنە ئۆردوگانشینانەی کە بەهێزبوونی خۆیان لە لاوازبوونی پەکەکە و پژاکدا دەبیننەوە  تەواو بە شۆکدا هێنا و لە بەرامبەر چالاکییەکی لەو جۆرەدا نەک هەر خۆشحاڵ نەبوون بەڵکو پەردەیان لەسەر نهێنیە شاراوەکانیان لادا و ئەوان بەر لە کۆماری ئیسلامی داگیرکەر کەوتنە سەرکۆنە و مەحکومکردنی چالاکیەکە و  هاودەردی دەربڕین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و بنەماڵەی پاسدارە کوژراوەکاندا . هەندێک لەو لایەنانە بە ئاشکرا وەک پارتەکەی بەڕێز یەزدانپەنا(پاک) و هەندێکی دیکەش بە شاراوەیی و لەژێر ناوی نهێنیدا هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەربڕی .
ئەم هاوسۆزی دەربڕینە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لەم دوو خاڵەی خوارەوە :-
1- ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕاندنەوە بۆ نێو ڕیزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران .
پێدەچێت هەندێک لەو لایەنانە هیوابڕاو بووبن لە ئەمریکا و لە هەمان کاتیشدا مووچە نیوە ناچڵەکەی یەکێتی و پارتیش گیرفانیان گەرم نەکاتەوە ، لەبەرئەوە ناچاری ئەوە بووبن کە ڕێگەیەک خۆش بکەن بۆ گەڕاندنەومیان بۆ نێو ڕیزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ، گەڕاندنەوەش بۆ نێو ڕیزەکانی کۆماری ئیسلامی دەبێت زەمینەی بۆ خۆشبکرێت ، زەمینە خۆشکردنەکەش لە ڕێگەی ناوزڕاندنی ئازادیخوازان و پروپاگەندەکردن بۆ کوردکوژانی وەکو کەڕوبی و موسەوییەوە سەری هەڵدەدا . لە کاتێکدا لە هیچ کوردێک شاراوە نییە کە زۆرترین سەرکوتکردنی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتدا لە

ماوەی 8 ساڵ سەرۆکوەزیری موسەوی‌دا ئەنجام دراوە ، ئەمە جگە لەوەی کە تەواوی دەستتێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستاندا بە سەرپەرشتی ئاغای کەڕوبی بووە .
2- خەوبینین بە دووبارەکردنەوەی کردەوە دزێوەکانی یەکێتی و پارتی لە کاتی ڕاپەڕینی ئاداری 1991دا .
لە پاش ئەنفالە وەحشیگەریەکەی عێراقی داگیرکەر چارەنووسی یەکێتی و پارتیش بە هەمان چارەنووسی ئیمڕۆی لایەنە ئۆردوگانشینەکان گەیشت و هیچ پێگەیەکی جەماوەرییان نەما لە باشووردا(بە تایبەت لایەنی پارتی) ، لەبەرئەوە بۆ زیندوو کردنەوەی خۆیان هانایان بۆ کەسە بەکرێگیراوەکان دەبرد ، بەم کردەوە چەپەڵەش نەک هەر تاوانبارانیان لە دادگای گەل دەپاراست بەڵکو پلەوپایەی زیاتریشیان پێیان ئەسپارد و بەخشیشیان دەدانێ و بە چەکدارە شۆڕشگێڕەکان ناویان دەبردن . ئەوا ئیمڕۆش هەمان دیاردە لە ڕۆژهەڵاتدا سەرهەڵدەداتەوە و سەرەتا بە پرسە و ماتەمینی بۆ کەسە بەکرێگیراوەکان دەست پێدەکات .
ئەی تۆ بڵێی ئەم ئاواتانەی حیزبە ئۆردوگانشینەکان بێتە دی ؟
وەڵامی ئەم پرسیارە بێگومان نەخێرە ، لەبەرئەوەی هەم سەردەمی ئێستا هاوشێوەی سەردەمی 1991زاینی نییە و هەم ئەو هەلەی بۆ یەکێتی و پارتی هاتە پێشەوە ئەوا هیچ کاتێک بۆ حیزبە ئۆردوگانشینەکان نایەتە پێشەوە و هەم ئاستی هوشیاری جەماوەریش هاوشێوەی ئاستی هوشیاری ڕابردوو نییە .
ئەگەر لە ڕابردوودا جەماوەری باشووری کوردستان لە غیابی یەکێتی و پارتی‌یەوە تەنها چەواشەی ناوی کوردایەتیەکەی تاڵەبانی و بارزانی بووبن ، ئەوا تاوانەکەنی ئیمڕۆی یەکێتی و پارتی بوونەتە ئەزموونێکی هێجگار باش بۆ جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە غیابی پارتە تەقلیدیەکاندا هەم فریوی دروشمی باقوبریقەدار نەخۆن و هەم زیاتر لە چاوەڕوانی چەند لایەنێکی ئۆردوگانشین و پەرتەوازەی لەت و پەتدا نەمێنن .
بیانووی حیزبە کلاسیکەکان بۆ سەرەخۆشیکردن ئەوەیە کە لە نێو پاسدارە کوژراوەکاندا ژمارەیەک کوردیشیان تێدایە ،،،
بارک الله بۆ کوردایەتیتان !!!
ئەی دەبێت ئەو 5 گەریلایەی کە گیانیان لە دەستدا لەو چالاکیەدا لە چ ڕەگەزێک بووبن کە سۆزی ئەم پارتانە ناچێتە سەریان ؟
ئەی بۆچی هاوخەمیتان بۆ ئەو 8 گەریلایەش دەرنەبڕی کە لە 25-05-2008دا کەوتنە کەمینی سوپای پاسدارانەوە و بە پۆل گیانیان لێسەندرا ؟
ئەی ئەو 11 شەهیدە بە دەستی چ کەسانێک لەنێو چوون ؟

هەندێک لایەنی دیکەش بە نهێنی و لە ژێر ناوی خوازراودا هاوسۆزی خۆیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و پاسدارە کوژراوەکان دەربڕیووە و دەڵێن ئەو پاسدارانە تەنها 6 ڕۆژیان مابوو کە سەربازی تەواو بکەن !!!!!
بۆ زانیاری زیاتر کرتە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە بکە :-

ئەم گوتەیە زۆر جێگای سەرسوڕمانە !
چۆن ئەو لایەنە دەزانێت کە ئەو پاسدارانە تەنها 6 ڕۆژیان مابوو کە سەربازی تەواو بکەن ؟
پێدەچێت ئەو لایەنەی کە ئەم لێدوانەی داوە لە ژێر ناوی خوازراوی (حاتەم کرماشانی)دا هەم گرێدراوی کۆماری ئیسلامی ئێران بێت و هەم لە نێو فەرهەنگی تورکەکانیشدا توابێتەوە ، لەبەرئەوەی زۆر جار لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان گەریلاکانی پ‌ک‌ک و سەربازانی تورکدا گوێبیستی زۆر گوتەی هاوشێوە و سەرنجڕاکێش دەبین لە ڕاگەیاندنە تورکیەکانەوە کە بەسەر سەربازە کوژراوەکانیاندا هەڵی دەڵێن . بۆنموونە دەڵێن :-
- فڵانە سەرباز تەنها یەک حەفتەی مابوو کە سەربازی تەواو بکات !
– فڵانە سەرباز تەنها یەک مانگ بوو ببوویە باوکی دوو کۆرپەی دوانە !
- فڵانە سەرباز تاقانەی پیرەمێرد و پیرەژنێکی پەککەوتە بوو !
– فڵانە سەرباز برای نۆ خوشک بوو ! ئەمە و زۆر گوتەی سەرنجڕاکێشی دیکەش .
بەڵام لە هەمان کاتدا بە گەریلا شەهیدەکانیش دەڵێن :-
هێندە تیرۆریستەمان بە سزای مەرگ گەیاند !
هێندە ئاژاوەگێرمان ڕەوانەی دۆزەخ کرد !
هێندە تاوانبارمان لەناو برد - ..هتد .
ئەگەر سەرنجێک بدەینە ڕاگەیاندنە تورکیەکان و ئەو لایەنە نهێنییەی کە لە ژێر ناوی حاتەم کرماشانی‌دا لێدوانی داوە ئەوا گوتەکانیان هاوشێوەن .

هاتوهاواری لایەنە ئۆردوگانشینەکان چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی زامەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی سارێژ نەکرد و چالاکیەکەی پایەگای خەراجیانی ڕەوانسەریش لە شوێنێکی هێندە هەستیاردا بوو کە وەها بە ئاسانی هەرس نەدەکرا بە کۆماری ئیسلامی ئێران ، هەر بۆیەش ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران (عەلی خامنەیی) ناچار بە جوڵە کرد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هانابردن بۆ سەرۆک خێڵ و پیاوانی ئایینی تاوەکو ببنە لەمپەرێک لەبەردەم گەشەکردنەکانی پژاک .

ئەگەرچی سەردانەکەی خامنەیی لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێراندابوو و دەیخواست وەکو ڕیکلامەیەکی نەبوو لەبەرئەوەی هەڵبژاردن بیهێنێتە پێش چاوی جیهان ، بەڵام ئەم سەردانە هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵبژاردنەکانەوە عەلی خامنەیی نە کاندید بوو بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری و نە کاری ئەویشە کە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ هیچ کاندیدێک بکات ، بەڵکو جموجوڵە شۆڕشگێڕیەکانی پژاک بە جۆرێک گەشەی سەندبوو کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بۆ ڕانەگیرێت و لە شاری سەقزدا ڕاستینەی سەردانەکەی ئاشکرا بکات کە پەیوەستە بە چالاکیەکانی پژاکەوە و بڵێت [ ئەوە ئەمریکایە مەشق بە هێزەکانی پژاک دەکات و چەک و چۆڵەیان دەداتێ ] . لە کاتێکدا هەر چەند مانگێک بەر لە ئێستا لەلایەن وەزارەتی خەزنەداری ئەمریکاوە پژاک وەکو ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستی ناسێنرا .
هەروەها عەلی پەناهی کە بەرپرسی کۆنسوڵگەری ئێرانە لە هەولێر مەبەستی سەردانەکەی خامنەیی بۆ ڕۆژ هەڵاتی کوردستان ئاشکرا دەکات کە پەیوەستە بە خەبات و چالاکیەکانی پژاک . بۆ بینینی گوتەکانی عەلی پەناهی کرتە لەسەر ئەم لینکە بکە :-

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=16d2d5df

جەلال چوارتایی
هۆڵاند